کەف و کوڵی گەشەکردن و هەنگاونان بە شێوازێکی بەرچاو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی دەگۆڕێ ، بۆ نموونە ناوچەی موکریان و تەنانەت شاری سنە و دەوروبەری ڕەنگە زیاتر هەنگاوی بەرەو پێشچوون و تایبەتمەندی لە دەوروبەری کرمانشان و ئیلام و تەنانەت ئەو کوردانەشی کە دەکەونە چوارچێوەی کوردستانی هەمەدانەوە زیاتر بێت ، چونکە ئەم شار و ناوچانەی دوای رادەیەکی زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری زمان و ئەدەبیات و باری رووناکبیری فارسییەوە و کەمتر ئاشنایەتی و پەیوەستبوونیان بە زمان و ئەدەبیاتی کوردییەوە هەیە ، جگە لەوەی دانیشتوانەکەیشی بە درێژای ڕۆژگار و ماوەیەکی زۆرە لە کاریگەری و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری دوورکەوتوونەتەوە ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لێرە و لەوێ گەلێك دەنگی جۆربەجۆر و گەلێ چالاکی رووناکبیری لەم تەوەرییەی کوردستانیشەوە سەری هەڵداوە و ویستوویانە هەرچۆنێك بێت ئەو کۆت و بەند و سنوورە دروستکراوە ببەزێن ، کە بە درێژای مێژوو ڕێگر و قۆرتی گەورەبوون لە ڕێگای تێکەڵ بوونیان بە کۆمەڵی کوردەواری ، لەگەڵ ئەوەشدا دەینووسن و کاری لەسەر دەکەن بیگەیەننە خوێنەر و رووناکبیرانی کورد لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا ، لەم بارەیشەوە خۆ ئەگەر زۆر پێ لەسەر گەشەکردن و هەنگاونانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لەم تەوەرەدا دابگرین , بەتەواوی ئەوەمان لا روون دەبێتەوە ، کە ژنە شاعیری کەڵوڕ و ئیلامی (ناهیدەی محەمەدی) لەم سەر و




ناهیدەی محمدی

بەندەدا تا رادەیەکی باش ئەو کۆت و بەند و کۆسپانەی بڕیوە و بەزاندووە ، کە زۆردار جەختی لەسەر دەکرێتەوە ، هەرچەندە کەسێکی وەك (ناهیدەی محەمەدی) ناکرێ بڵێین: سەد دەر سەد لە رووی داهێنانی شیعری ئەفراندنی شیعرییەوە لە گیانی تەقلیدیەت و لاسایکردنەوەی شاعیرانی پێش خۆی جیاوازییەکی یەکجار گەورەی هەیە و بە زۆرێك هەنگاوی گەورەی ئەوتۆی نابێ ، کە تەراووزیەکی بێوێنەی لە شیعری کوردی ناوچەی ئیلام , لوڕستان و کرمانشان هێناوەتە کایەوە ، بەڵکو ئەم ژنە شاعیرە لە ماوەی خوێندنەوە و بەدواداچوونمان بۆ هەردوو دیوانی یان کۆمەڵە شیعری (هاواری بەڕوو) و (دەرەوە چەپلی شەکەت) ، کە لەم ساڵانەی دوایدا لە وڵاتی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات هەریەکە و بە تیراژی (٣٠٠٠) هەزار دانەی لێ



بڵاوکردووەتەوە ، مژدەی ئەوەمان دەداتێ و پێ دەبەخشێ ، کە کاروانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دوای ( مەلا پەرێشان و ڕەزا ئەکبرخانی کەڵوڕ) لەم ناوچەیە و لەم بەشەی کوردستاندا بەردەوامی و هەنگاوی دیار و گەرم و گوڕی خۆی لەدەست نەداوە و جگەلە هەموو ئەوانەش (ناهیدەی محەمەدی) کە دەنووسێ و بەرهەمی خۆی بلاودەکاتەوە ، یەکەم جار ئەوەت بۆ دەردەکەوێت ، کە ئەم ژنە شاعیرە بۆ خۆی کەسێکی خوێندەوار و بەئاگایە لە شیعر و ئەدەبیات و شاعیرانی پارچەکانی تری کوردستان و لە هەوڵی ئەوەشدا بووە ، کە بەرهەم و نووسینەکانیان بخوێنێتەوە ، سەرەڕای ئەوەش لە ماوەی بەدواداچوون و خوێندنەوەی شیعرەکانیدا ، دەبینی ڕۆژانە لەو ڕوواو و کارەسات و نەهامەتی و گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ناوچەکانی تری کورستاندا هاتوون ، ئەو هەر نەك لێیان بێئاگا نەبووە ، بەڵکو هەرچەندە بە شێوازێکی سادەش بێ شیعری بۆ وتوون و هەموو هەست و بە ئاگاییەکی خۆی لەو بارەیەوە دەربڕیوە ، بۆ نموونە لە باسکرنی کارەساتێکی وەك هەڵەبجەدا کە لە (١٦-٣-١٩٨٨) لە لایەن ڕژێمی بەعسی لەناوچووە و کیمیاباران کرا ، (ناهیدەی محەمەدی) لە پارچە شیعرێکی پاراو و لە ژێر ناونیشانی (وەنوو هاتمە) ، ئاوا هەست و بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ ، کە لە بەشێکیاندا دەڵێ:

**وەنوو هاتمە تا دەروو بوشم**
**تەرم بی بەشیت وە شیعرم کیشم**
**وەنوو هاتمە تا بوشیم مینی**



**غەم و پەژارەم لە دڵم سنی؟**
**هاتمە بوشیم منیش شکیامە**
**وە جەوری زاڵم منیش سوزیامە**

ئەم هۆنراوەیەش بۆ خۆی تا رادەیەك بریتییە لە دەقێکی سەربەخۆ وەك لە بەشێکی تری هۆنراوەکەیدا بەم شێوەیە ئەبێتە هاوخەمی خەڵکی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە و بە سەلیقەیەکی شیعری جوانەوە دەنووسێ:

**وەی ڕا هەڵەبجە ، دوورە لە شارەیل**
**ئەوجە مەزڵومی تەمام کوردەیل**
**وەی ڕا هەڵەبجە ، کەس ڕای نەگیرس**
**چەوێ عەدالەت وە پێ نەنوو ڕس**
**کوردستان گشتی جی زەر و غەمە**
**سەد دەفتەر بوشم لێ دەردە ، کەمە**

لە شوێنێکی دیشدا کە دەقێکی بۆ (خێڵی گەورەی ماڵشاهی) ناوچەی ئیلامی کوردستانی ڕۆژهەڵات نووسیوە بە نەفەس و لێکدانەوەیەکی زۆر وردەوە وێنەی لادێ و ژیانی لادێ نیشینی کوردەواری و ژیانی ڕۆژانەیان و باسکردن لە چۆنیەتی کار و فرمان و نەریتی کۆمەڵی کوردەواری ئەو ناوچەیەمان بە بیر دەخاتەوە ، بە جۆرێك لە چوارچێوەی ئەو شیعرەیدا دەیان زاراوە و وشەگەلی وەك: نانی ساجی ژێر دەوار , داس و گەلەدزەو , مەتەڵ , گۆرانی چڕ , دەهۆڵ و هەڵپەرکێی کوردەواریمان بۆ وێنە دەکێشێ و لەهەمان تێکستدا دەکەوێتە قسە و گفتوگۆ لەگەڵیاندا: